The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# با به كاری هاوبەش و يەكگرتووانەمان له ڕۆژی 10-6-2007 " ناسينی پرسی ئەنفال به ژينۆسايد و جێبەجێكردنی بڕياری دادگا دژ به تاوانكاران له كوردستان و دادگاييكردنی بێ جياوازی سەرجەم تاوانكاران بەسەر دادگای باڵای تاوانەكاندا بسەپێنين "

**هاووڵاتيانی كورد**

**كەس و كاری قوربانيان**

پرۆسەی دادگاييكردنی تاوانكاران لەسەر دۆزی ئەنفال , گەيشتە قۆناغی دوا بڕياری خۆی , هەرچەندە مخابن ئەو پرۆسەيە نەيتوانی به چاكی له خزمەت به دۆزی ڕەوای گەلەكەمان ئامانجەكانی خۆی به باشی بپێكێك , وەلێ يەكگرتويی ئێمه له ڕۆژی 10–6 دەتوانێت كۆمەڵێك داخواز بسەپێنێت له بەرژەوەندی دۆزی قوربانيان , هاتنه مەيدانی يەكگرتوانەی گەلەكەمان و بەرزكردنەوەی داخوازەكانی , ڕازی نەبوون به بڕياری ناڕەوا ئەركی هەموو كەس و لايەنێكی بەرپرسە , بەرەو ڕووبونەوەی هەر بڕيارێكی ناڕەوا ئەركی هەر تاكێكی و گروپ و لايەنێكی كوردييە , ئێمه داخوازەكانی خۆمان ڕوو له دادگای باڵای تاوانەكان لەم خاڵانەی خوارەدا پوخت دەكەينەوە :

- پێويستە به ڕوونی دان بەوەدا بنرێت تاوانی ئەنفال كردەيەكی ژينۆسايدە .
- پێويستە هەموو تاوانكاران بڕياری دادگايان بەسەردا جێبەجێبكرێت , به هيچ بەهانەيەك نابێت له كەس ببورن .
- هەموو ئەوانەی له پرۆسەی دادگاييەكە ناويان وەك بەشداربوو لەو تاوانە هاتووە , كه سەرجەم ناوەكانيان لامان پارێزراوە , دەبێت بانگ بكرێن بۆ دادگا وەك تاوانكار لێكۆڵينەوەيان له گەڵدا بكرێت .
- بڕياری سەپاو بەسەر تاوانكاران پێويستە له شوێنی تاوانەكانيان جێبەجێبكرێت , عەلی حەسەن مەجيد له خانووە ڕوخاوەكەی عومەر خاوەر و تاوانكاری ديكەش له دەڤەر و ناوچە جياجياكان كوردستان " ليژنەيەكی پسپۆری كوردی ئەو دەڤەر و جێگايانە دياريبكات " , پێويستە له ناوەندی ئەنجامدانی تاوانەكانيان سزاكانيان بەسەردا جێبەجێبكرێت .

## هاووڵاتیانی خۆشەویست
## ئازیزان لە بەجێماوانی کارەساتەکان

جێبەجێکردنی بڕیاری دادگا دژ بە تاوانکاران لە هەمبەر ئەو تاوانانەی دژ بە گەلەکەمان ئەنجامیان داوە دەستکەوتێکی سیاسی گەورەیە بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان , هەرچەندە ئێمە پێمان وابوو دەبوایە جێبەجێکردنی بڕیارەکان هەڵبگرترایە بۆ کۆتایی پرۆسەی دادگاییەکان , بۆ ئەوەی سەرجەم دۆسیەکان مافی خۆیان پێبدرایا , بەهۆی ئەوەوەی ئەو داواکارییەمان نەهاتە دی , بۆیە لە ئێستادا داواکارین هەموو پێکەوە یەکگرتووانە پێشوازی لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی بڕیاری داسەپاو بەسەر تاوانکاران بکەین , چ لەو کاتەی داواکارییەکانمان جێبەجێدەبێت , پێویستە بە شێوازی شایستە پێشوازی لە بڕیارەکە بکەین , یاخود لەو کاتەی دژ بە ویست و مافەکانمان بڕیار دەدرێت یەکگرتووانە ناڕەزایەتی دەربڕین .

بەم هۆیەوە بۆ ئێمە ڕۆژی خوێندنەوەی بڕیاری کۆتایی دادگا " 10-6-2007" ڕۆژێکی ئاسایی نییە , ڕۆژێکە ڕوفاتی 182000 لە باشترین کەس و کارەکانمان داوای تۆڵەو مافەکانی خۆیانمان لێدەکەن , ڕۆژێکە پێویستە لە ئێستاوە لە سەرتاسەری جیهان خۆمان بۆی ساز و ئامادە بکەین , لێرەوە ئێمە بانگەوازی هەموو لایەك دەکەین یەکگرتوانە خۆمان ئامادە بکەین بۆ پێشوازی لە ڕۆژی 10-6-2007 کە ڕۆژی دانی دوا بڕیارە لەسەر دۆزی ئەنفال .

## پارت و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان

ئەرکی هەموو لایەکمانە لە کوردستان و هاندەران , یەکگرتووانە پێشوازی لە 10-6-2007 بکەین , بانگەوازی هەموو لایەکتان دەکەین بۆ کاری هاوبەش و پێشوازی یەکگرتوانە لە دوا بڕیار و خۆ ئامادەکردن بۆ پێشهاتەکان , پێشوازی شایستە لە مافی 182000 لە باشترین کەس و کارەکانمان , دەبا بە کاری یەکگرتوانە و هاوبەشمان ڕوحیانەتی بێکەسی قوربانیان ئارام بکەینەوەو گەلەکەشمان سەربەرز نیشان بدەین .

وەرن با هەموو پێکەوە پێشوازییەکی شایستە لە ڕۆژی 10-6-2007 بکەین .

بۆ پەیوەندیکردن و کاری هاوبەش بە ناوەندی چاکەوە : chak_org@yahoo.com

**ناوەندی چاك**
**www.chak.com.uk**
**2006–5–10**